تۆ ئیمامی ئەوانیت، وەرەچاوی لاوازترینیان بکە، وبانگبێژێک هەڵبژێرە کە کرێ وەرنەگرێت بەرامبەر بانگدانەکەی

لە عوسمانی ئەبی عاسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت -وتم-: ئەی پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- بم کە بە ئیمامی -پێشنوێژی- خەڵکەکەم، ئەویش فەرمووی: «تۆ ئیمامی ئەوانیت، وەرەچاوی لاوازترینیان بکە، وبانگبێژێک هەڵبژێرە کە کرێ وەرنەگرێت بەرامبەر بانگدانەکەی».

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە کەسێک خۆی بە شیاو بزانێت بۆئەوەی پێشنوێژی -ئیمامی- خەڵکی بێت؛ ئەوا دروستە داوای بکات لە فەرمانڕەوا، ئەمە داواکردنی دەسەڵاتی دونیایی نییە؛ چونکە نەهی کراوە لە داواکردنی دەسەڵاتی دونیایی، بەڵکو داواکردنی پێشنوێژی کردنە بۆ خەڵکی، ودەبێت ڕەچاوی نوێژخوێنەکان بکات چونکە کەسی لاواز و بەتەمەن وخاوەن پێویستیان تێدایە، ونابێت ناڕەحەتی وقورسی بخاتە سەریان، وباشتر وایە بانگبێژ هیچ نرخێک وەرنەگرێت بەرامبەر بانگدانەکە وداوای پاداشت لە خوای گەورە بکات بۆئەوەی کردەوەکەی نزیکتر بێت لە دڵسۆزی وئیخلاصی بۆ خوای گەورە، وئەگەر کەسی خۆبەخش نەبوو ئەوا دروستە فەرمانڕەوا نرخێک بۆ بانگبێژێت دابنێت لە گەنجینەی ماڵی مسوڵمانان -بیت المال-.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10626